# بەعسناسی
## بەعس و ئینشا؟

**مەریوان وریا قانیع**

ساڵێک دوای دۆڕاندنی جەنگی خەلیج، ڕۆژنامەی ئەل قادسیە، کە وەزارەتی بەرگری حکومەتەکەی سەدام دەریدەکرد، دەنوسێت: «ئێمە سەدامان هەیە و ئەوانیش دیموکراسیەت... لێگەڕێ با ئەوان چێژ لە دیموکراسییەتی خۆیان ببینن، بەڵام ئێمە سورین لەسەر ئەوەی سەدامان حسێنمان هەبێت، خودا بیپارێزێت، کە سەردکردەیەکی عەرەب و موسڵمانێکە بەدوای عەدالەتدا دەگەڕێت»

-١-

لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم پەرەگرافەی سەرەوە پەرەگرافێکی کورتە، ئینشانووسیەکی سادەیە و هەموو قوتابییەکی قۆناغی ناوەندی لە عێراقدا دەتوانێت بینووسێت، یان دەشێت ڕۆژێک لە ڕۆژان نووسیبێتی، بەڵام لەهەمانکاتدا هەڵگری بەشێکی گەورەی هێڵە گشتییەکانی ئەو ئایدیۆلۆژییە سیاسییەیە کە بەعس لە سەردەمانی حوکمی سەدام حوسەیندا هەڵگریبوو. دابەزینی ئایدیۆلۆژیای سیاسی بەعس بۆ ئاستی نووسینی ئینشایی و بوونی ئەم زمانە ئایدیۆلۆژییە بەبەشێک لە زمانی ڕۆژانەی قسەکردنی خەڵک، ئەو ستراتیژە تایبەتەبوو کە بەعس زۆر بە وردی لە عێراقدا کاری بۆ دەکرد، ستراتیژێک کە زمانێکی بەرهەمهێناوە هەرچوۆنێکی بەکاربێنیت دەستەواژە و وێنە و ڕەمزەکانی فاشیزم دووبارەبکاتەوە.

ئاشکرایە پاڵەوانی سەرەکی ئەم پەرەگرافە سەدام حوسێن خۆیەتی، سەدام حوسێنە وەک بوونەوەرێکی گرنگ و بێوێنە کە عێراقییەکان سوورن لەسەر مانەوە و بەرگرییلێکردنی. بەڵام ئەم سەدام حوسێنە، سەدام حوسەینی ناو ئەم پەرەگرافە، سەدام حوسەینێکی تایبەتە و گرنگییەکەی لەو قسە ڕاگوزەر و پڕوپاگەندە ڕۆژانییە تێپەڕەکات کە میدیای عێراقی ڕۆژانە بە هەموو کونوقوژبنێکی کۆمەڵگای عێراقیدا بڵاویدەکردەوە. سەدام حوسەین لەم پەرەگرفەدا لە پەیوەندییەکی فرەئاست و هەمەلایەنداییە بە کۆمەڵێک شتی جیاوازەوە، کە ئەم نووسینە هەوڵدانە بۆ خوێن دنەوە و ئاشکراکردنیان. لە ئاستی هەرە ڕووکەشی ماناد ا ئەوەی ئەم پەرەگرافە پێمانده‌ڵێت ئەوەیە کە سەدام حوسەین ئەلتارناتیڤی دیموکراسیەتە. سەرکردەیەکە، وەک سەرکردەی زۆر میللەتی دیکە، بۆ دڵخۆشکردنی نەتەوەکەی دیموکراسیەتی پێنییە، سیستمێکی پێ نییە کە بەهەمووان مافی قسەکردن و ڕادەربڕینی یەکسان و بەگەڕخستنی ئیرادەی تاکەکەسی و کۆیی بدات، ئەو خۆی وەک «سەرکردە» سەرچاوی کامەرانی و چێژ و دڵخۆشبوونی هەموانە، ئەو بۆ ئێمە سەرەتا و کۆتاییە و لەپشتی خەیاڵ و عەقڵ و ویستی ئێمەوە ئامادەیە. ئاشکرایە ئەم ئاستە تایبەتەی مانا ئاستێکی سادەیە و لە سی ساڵی ڕابووردودا میدیای عێراقی ڕۆژانە خەریکی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی بوو، بەڵام ئەم ئاستە تەهموو ئاستەکانی مانا نییە، لەپشتی ئەم ئاستەوە کۆمەڵێک ئاستی دیکە هەن، با سەرنجیان بدەین.

گەر وردتر سەرنجی ئەو پەرەگرافە بدەین دەبینین ناوەڵناوی «ئێمە» ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دەستنیشانکردنی فەزای کۆمەڵێک مانای دیکەدا، ئاشکرایە ئەم «ئێمە»یە هێمایە بۆ ئەو گشتە تایبەتەی کە پێیدەگوترێت «میللەتی عێراق»، میللەتێک کە کاراکتەرە سەرەکیەکەی لەوەدا بەرجەستەیە کە هەڵگری «ئێمە» یەکە لە کەسی سەدام حوسەیندا نیشتەجێیە. لەنێوان «ئێمە» ی میللەت و «من» ی سەدام حوسێندا فاسیلەیەک نییە بوونی «ئێمە» لە بوونی سەدام جیاکاتەوە، سەدام یەکسانە بە ئێمە و ئێمەش یەکسانە بە سەدام.

هەمووومان دەزانین لە پشتی ئەم یەکسانکردنە ئایدیۆلۆژییەوە نایەکسانییەکی واقیعی پەنهانە کە لە سیفەتی سەدامەوە وەک دیکاتاتۆر و سیفەتی سیستەمەکەیەوە وەک سیستمێکی دیکاتتۆری سەرچاوەدەگرێت. بوونی »ئێمە« لەم پەرەگرافەدا بوونێکی هولامی و ئەبستراکتە بەڵام «من»ی سەدام دا منێکی بەرجەستە و ئامادە و سەراپاگیرە، بۆیە ئەوەی لەم پەیوەندییەدا سەروەرە سەدامە نەک «ئێمە»، ئەو شتەیە کە بەرجەستەیە نەک ئەوەی کە تەجریدە، سەرکردەیە نەک خەڵک یان جەماوەرێکی بێفۆرم.
ئاستێکی دیکەی بەرهەمهێنانی مانا لەپشتی بەکارهێنانی ئاوەڵناوی «ئێمە» وە» دروستکردنی پەیوەندییەکی ناکۆکئامێزە بە «ئەوان» ەوە. بێگومان «ئەوان» هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ئێمە ناچن، ئەوانەن کە جیاوازن و لەدەرەوەی ئێمەدان. لەم پەرەگرافەدا ئەم «ئەوان» ە ئەو کەسانەن کە بۆ باوەڕیان بە دیموکراسیەتە، یان دیموکراسیەت ئەو سیستمە سیاسیی و کولتوورییەیە کە تێیدا دەژین. لەڕاستیدا لە سیاقی ئەم پەرەگرافەدا کە لەدوای جەنگی یەکەمی خەلیجەوە نووسراوە، ئەم «ئەوان»ە هێمایەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ڕۆژئاوا . ئەم پەرەگرافە ئەوان وانیشانئەدات وەک ئەوەی چێژیان لە چێژی ئێمە نەچێت، ڕژێمێکی چێژوەرگرتنیان هەبێت جیاواز لە ڕژێمی چێژوەرگرتنی ئێمە، بۆیە با لێیانگەڕێین چێژ لە دیموکراسیەتی خۆیان ببین. بە مانایەکی دیکە «ئەوان» لەباتی ئەوەی چێژ لە سەرکردەیەکی وەک سەدام حوسەین ببینن و «سووربن» لەسەر ئەوەی کەسانی وەک ئەو سەرکردەیانبێت، چێژ لە دیموکراسیەت دەبینن. لێرەوە لەنێوان «ئێمە»یەکدا کە لەناو سەدام حوسەیندا تواوەتەوە و لەگەڵ «ئەوان»ێکدا کە لە سیستمی دیموکراسیەتدا دەژین ناکۆکییەکی چارەهەڵنەگر پێشنیارکراوە، دوو دنیا پێشنیاردەکرێت کە لێکناچن و بەیەک جیاواز و ناکۆکن. لەپشتی ئەم ناکۆکییەشەوە چارەسەر بۆ ئێمە لە هەبوونی سەدام حوسەیندایە و بۆئەوانیش لە دیموکراسیەتدا . ئاشکرایە لێرەداجۆرێک لە گاڵتەکردنی ناڕاستەوخۆ بە دیموکراسیەت ئامادەیە،

لەهەمانکاتدا ئاستێکی دیکەی مانا لەم پەرەگرافەدا لەوەدایە کە توانای چێژوەرگرتن لە دیموکراسیەت نکوڵیناکات و بە شێوەیەکی ناڕستەوخۆ دان بەوەدا دەنێت کە دەشێتسیستمی دیموکراسی مایەی چێژوەرگرتن بێت، خەڵکانێک هەبن حەزی لێبکەن، بە کەسانێکی تایبەت بەختەوەری ببەخشێت. بەڵام ئەم شتانە پەیوەندییان بە «ئەوان» ەوە هەیە نەک بە «ئێمەوە»، «ئێمە» خەڵکانێکین پێویستمان بە دیموکراسیەت نییە، نامەنەوێت، ناتوانێت چێژمان پێببەخشێت، بەختەوەرمان ناکات. بۆیە ئێمە «سورین» لەسەر هەبوونی سەرکردەیەکی وەک سەدام حوسەین، کە سەرچاوەی بەختەوەرییمانە. بێگومان پەیوەندی نێوان بەعس و دیموکراسیەت پەیوەندییەکی ئاڵۆزە و بەقۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە، سەرەتا، واتە ڕۆژگارێک کە بەعس خۆی بە هێزێکی چەپڕەو دەزانی و زمانە سیاسییەکەی بە زۆر مانا کۆپیکردنی زمانی کۆمۆنیستەکانی عێراق بوو، دیموکراسیەتی بەناوی سیستمی بۆرژوازیەتەوە نەفیدەکرد، تەواو وەک کۆمۆنیستەکان، باسی لە «دیموکراسیەتی میللی» دەکرد کە گوایە دیموکراسیەتێکە لە دیموکراسیەتی لیبرالیانە قووڵتر و باشتر و مانادارترە. سەردەمانێکی تر بەعس باسی لە «دیموکراسیەتی سۆسیالیستانە» دەکرد، دواتر لە «دیموکراسیەتی شۆڕشگێر» و ئینجا لە «دیموکراسیەتی بەعسییانە» ئاشکرایە نووساندنی ئەو هەموو سیفەتە جیاوازانە بە دیموکراسیەتەوە، واتە جارێک کردنی بە دیموکراسیەتی میللی و جارێکی دی بە دیموکراسیەتی شۆڕشگێڕ و دواتر بە دیموکراسیەتی سۆسیالیستیانە و بەعسیانە، بۆئەوەیە دیموکراسیەت لە مانا ڕاستەقینەکانی خۆی دەرکرێت کە بریتیین لە بەخشینی توانای بڕیاردان بە تاکەکەس، هەڵبژاردنی ئازاد و دەستگۆڕکێی دەسەڵات. لەدوای جەنگی ئێران و عێراقیشەوە بۆ ماوەیەکی کورت میدیای عێراقی سەدامی وەک «موهەندیس« و «شوان» ی دیموکراسیەت» پێشکەشدەکرد، بەڵام هەرزوو لەم قسانە پاشگەزبوونەوە، جەنگی خەلیجی یەکەم سەدامی لە پیاوێکی سیاسیی و سۆسیالیست و عەلمانییەوە کردە موجاهیدێکی ئیسلامی کە بەدوای عەدالەتدا دەگەڕێت. ئەو پەرەگرافەی سەرەوە بەرهەمی ڕۆژگاری دوای جەنگە کە بە ئاشکرایی هێما بۆ تەڵاقدانی بەعس دەکات بۆ هەموو شێوەکانی دیموکراسیەت، تەنانەت ئەو فۆرمانیە دیموکراسیەتیش کە خۆی ئەو هەموو سیفەت و پاشگرانەی پێوەنابوون.

له ئاستێکی دیکەدا ئەم پەرەگرافە پەیوەندی نێوان بەعس و بیرۆکەی «تایبەتمەندێتی» نیشان ئەدات، هەموو عێراقییەک دەزانێت بەعس چەند پەرگیرانە باسی لە تایبەتمەنێتی، الخصوصیە، دەکرد، کەم هێز هەیە لە عێراقدا بە ئەندازەی بەعس قسەی لە تایبەتمەنێتی کردبێت، لە ئێستاشدا ئیسلامییەکان و هەندێک لە ڕۆشنبیرە دۆگامییەکانیان میراتگری ئەم نەخۆشییە فیکریی و سیاسی و کولتوورییەی بەعسن وبەهەنائەندازەی بەعس، لەهەندێک دۆخدا زۆر زیاتریش، پێ لە مەسەلەی تایەتمنەدێتی دادەگرن. ئەم پەرەگرافە فوو بە هەستی تایبەتمەندێتیدا دەکات و تا دوا سنوور دەیئاوسێنێت، لەنێوان ئێمە و ئەوای دیکەدا ناکۆکیی و لێکنەچوونێکی ئەنتۆلۆژی گریماندەکات، لەوە دەردەچین لە ئینسانەکانی دیکەی سەر ئەم ئەستێرەیە بچین و کۆمەڵگاکەیشمان بەشێکبێت لە کۆمەڵگای گەورەی مرۆڤایەتی و کۆمەڵێک کێشە بژین کە کێشەی بەشێکی گرنگی کۆمەڵگاکانی سەر زەوییە. ئەم پەرەگرافە لەڕێگای گریمانکردنی جیاوازی چێژی ئێمە لە چێژی ئەوانیدی، دەرەنجامێکی ناڕاست و ئایدیۆلۆژی وەدەستدێنێت کە ڕەفزکردنی دیموکراسییەتە. لۆژیکی ئەم پەرەگرافە بەمجۆرەیە: جیاوازیی لە چێژدا یەکانە بە جیاوازی لە تایبەتمەندیدا و تایبەتمەندێتی ئێمەش لەگەڵ دیموکراسیەتدا ناگونجێت، بەڵکو بەبوونی دیکتاتۆرێکی خوێنینی وەک سەدام تێریدەکات.

له ساتەوەختێکی تایبەتی مێژووی بەعسدا ئەرکی سەرەکی بیرۆکەی تایبەتمەنێتی جیاکردنەوەی بەعس بوو لە هێزە چەپەکانی دیکە، لەپێش هەمووشیانەوە، لە کۆمۆنیستەکان. هەم بەعس و هەم کۆمۆنیستەکان و هەم چەپەکانی دیکە خوازیاری سۆسیالیزم بوون، بۆیە بۆئەوەی خۆی لە هێزەکانی دیکە جیاکاتەوە تایبەتمەندێتی بەعس ڕاستەوخۆ گرێدرابوو بە تایبەتمەندێتی ئەو سۆسیالیزمەوە کە دەیخواست پیادەیبکات. بەڵام لە نەوەدەکاندا بیرۆکەی تایبەتمەندێتی ئاو بە ئاشی ئەو گوتارە ئیسلامییە توندڕەوەدا دەکات کە بەعس لە فۆرمە قەدەرییەکەیدا بڵاویدەکاتەوە و سەدام حوسەینی سۆسیالیست و عەلمانی دوێنێ دەکاتە موجاهیدێکی موسڵمانی گەڕۆک بەدوای عەدالەتدا. لە سەردەمانی جەنگی خەلیجی یەکەمدا ئەم گوتارە ئیسلامییە دژایەتیکردنی ڕۆژئاوا بە سنوورێکی ناعەقڵانی و عوسابی دەگەیەنێت، ئەمڕۆش لەناو ئاوی بەعسییانەی ئەم سنووره عوسابییەدایە هەندێک ڕۆشنبیر و کۆمەڵێک هێزی ئیسلامی لە عێراقدا گەمەدەکەن.

ئاستێکی دیکەی گەمەی ئایدیۆلۆژی لەم پەرەگرافەدا پەنهانە کە دەشێت بەم شێوەیە بیخوێنینەوە. لەئاستێکی قووڵدا ئەم پەرەگرافە هەوڵئەدات پەیوەندیی نێوان «ئێمە» و سەدام حوسەین لنگەوقووچکاتەوە. وەکچۆن جەنگی دۆڕاوی خەلیج دەبێت بە «دایکی جەنگەکان» و وەک گەورەترین مەلحەمەی سەرکەوتن پێشکەشدەکرێت، ئاواش سەدام لە «بکەرێکی خوێنینەوە» دەبێتە «قوربانییەکی بێگوناه»ی چێژی ئێمە. ئەم پەرەگرافە دەیەوێت بڵێت ئەوە سەدام، یان ئایدیۆلۆژیستەکانی سەدام، نین کە چێژی ئێمە وا پێشکەشدەکەن وەک ئەوەی لە سەدامدا بەرجەستەیە، حەزکردنی ئێمە لە سەدام خەتای سەدام و ئادیۆلۆژەکانی سەدام نییە، بەڵکو ئەوە چێژی ئێمەیە ئەوەی دەوێت. ئەوە ئێمەین لەباتی ئەوەی لە دیموکراسیەت چێژ وەرگرین، لە سەدامی وەردەگرین. واتە ئەوەی وای لە ئێمە کردوە دیموکراسیەتمان نەبێت بوونی سەدام نییە وەک دیکتاتۆرێکی خوێناوی و سیسمە تۆتالیتێرەکەی، بەڵکو خۆمانین کە بۆ پاراستنی تایبەتمەنێتی خۆمان دیموکراسییەتمان گۆڕیوەتەوە بە سەدام. کەوابوو توانای چێژبەخشینی سەدام تا ئەو ئاستەی ببێتە ئەلتەرناتیڤی چێژوەرگرتن لە دیموکراسیەت پەیوەندی بە زەوقی ئێمەوە هەیە، نەک بە ویستی سەدامەوە. لە ڕاستیدا ئەم پەرەگرافە دەیەوێت بڵێت سەدام گەر کەسێکی دیموکرات نەبێت پەیوەندی بەوەوە نییە کە ئەو دیکتاتۆرە، بەڵکو پەیوەندی بە ویستی ئێمەوەیە کە ویستێکە دژ بە دیموکراسیەت و عاشق بە دیکتاتۆر. بۆیە سەدام بکوژی ئێمە نییە، بەڵکو کوشتە و قوربانی ویست و چێژ و سووربوونەکانی ئێمەیە. سەدام گەر لەبەر خاتری چێژی ئێمە نەبا دەکرا یەکێک لە پیاوە دیموکراسە گەورەکانی مێژووبێت، بەڵام مادامەکی ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی سەدامامان هەبێت و مادام چێژی ئێمە لەگەڵ دیموکراسیەتدا یەکناگرێت بۆیە لەبەرخاتری ئێمە سەدام بووە بە دیکتاتۆر. ئەمەش یەکێک لە دەرنجامە ترسناکەکانی ئەو تەرزە تایبەتەی فیکرە کە بە شێوەیەکی عوسابیی پێ لەسەر بیرۆکەی تایبەتمەندێتی و ناکۆبوون بەویدی و ناشیرینکردنی دیموکراسیەت دادەگرێت، کە پێموایە هەرسێکیان لە کۆڵەکە گرنگەکانی ئایدیۆلۆژیا بەعس و کولتووریی سیاسیین لە عێراقدا.

بەشی دووهەمی ئەو پەرەگرافەی سەرەوە تەرخانە بۆ ووردکردنەوەی ئەو بۆچوونەی کە سەدام بە چ مانایەک ئەلتەرناتیڤی دیموکراسیەتە، ئەو ئاکارانە چین کە هی سەدامە و وایلێدەکات ببێتە ئەلتەرناتیڤی دیموکراسییەت و ئێمەش سووربین لەسەر ئەوەی بەڕێزییمان هەبێت. بۆ کردنی سەدام بە ئەلتەرناتیڤی دیموکراسیەت ئەم پەرەگرافە کۆمەڵێک ووشە بەدوای یەکدا ڕیزدەکات کە هەریەکێکیان هەڵگری کۆمەڵێک دەلالەتی تایبەتە. با سەرەتا ئەو ووشانە ڕیزکەین کە لە بەشی دووهەمی ئەو پەرەگرافەدا بۆ ناساندنی سەدام بەکارهاتوون. ووشەکان بریتین لە (خودا، سەرکردە، عەرەب، موسڵمان، عەدالەت).

دیارە تێکەڵبوونی ئەم ووشانە بەیەکدی یەکێکە لە ئاکارە هەرە سەرەکییەکانی ئەو کۆکتێلە ئایدیۆلۆژییەیە کە بەعس لە چەندان چەمکی ناکۆک و دژ بەیەک دروستیکردبوون. ڕەهەندی تێکەڵبوونی ووشەی سەدام و ووشەی خودا و ووشەی سەرکردە بەیەکدی ئەوەندە ئاشکرایە کە پێویست بە ئاماژەبۆکردن ناکات. ئەمجۆرە تێکەڵکردنە ڕاست ئەو دۆخە تایبەتەی دەسەڵات و ئەو کولتووره سیاسییەمان بیردەخاتەوە کە پادشا و سەرکردە وەک بوونەوەری پیرۆز، وەک «سێبەری خوداوەند لەسەر زەوی»، وەک ئینسانی مەعسوم لەهەڵە، کە نابێ لێیبپرسینەوە، مامەڵەدەکەن. ئاشکرایە ئەم فۆرمەی دەسەڵات و ئەم فۆرمە لە سەرکردە ئەو جیهانە تێپەڕەمان وەبیردەخەنەوە کە دەکەوێتە بەر لە ڕۆژگاری تازەگەریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە، ڕۆژگاری بەر لە مۆدێرنە بەهەموو ڕەهەندە سیحری و خورافی و نایەکسانییەکانییەوە..

دوو ووشەی یەکەمیان، خودا و سەرکردە، جەغد لەسەر ئاکارە تاکەکەسییەکانی سەدام دەکات. بەرهەمهێنانی وێنەی سەدام وەک سەرکردە پیشەسازییەکی بەبرەوبوو لە عێراقدا، بەڵام بەر لە باسکردنی ئەم خاڵە ئەوەی لێرەدا سەرنجدانێکی تایبەتی پێویستە ووشەی خودایە کە بەردەوام لە دوای ناوی سەدامەوە بەکاردێت. بێگومان ئاستی یەکەمی مانا لە بەدواییەکهاتنی ناوی خودا لەدوای ناوی سەدامەوە بریتییە لە پێداگرتن لەسەر موسڵمانبوونی سەدام و پاڕانەوە لە خودا بۆ پاراستنی ئەم موسڵمانە گەرۆکە بەدوای عەدالەتدا، بەڵام دەلالەتی ماناکانی بەکارهێنانی ناوی خودا لەدوای ناوی سەدامەوە لێرەدا کۆتاییان پێنایەت. بەکارهێنانی بەردەوامی ناوی خودا لەدوای ناوی سەدامەوە، ئەو پردە دەلالییە دروسدەکات کە پێویستە بۆ گواستنەوەی ماناکانی ناوی خودا بۆ ناوی سەدام یان بەپێچەوانەوە لە ماناکانی ناوی سەدامەوە بۆ خودا. ئەم پەڕینەوەیە لەهەردووبارەکەدا دەخوازێت بە سەدام سیفەتەکانی خودا ببەخشێت. ئاسانە لە تێکەڵکردن و بەدواییەکداهاتنی ناوی خودا و ناویس سەدام ڕستەیەکی لەم بابەتە دروسکەین: «سەدام سەرکردەیەکە لە خودا دەچێت».

چەمکی «سەرکردە» لە ڕۆژگاری دەسەڵاتداریتی سەدامدا گرنگییەکی لەڕادەبەدەری هەیە، چەندانی وەک عەبدولئەمیر مەعەلە و عەبدولجەبار موحسین و عەبدولڕەزاق عەبدولواحید و زۆرانی دی، ڕۆڵی گەورە دەبینن لەبەرهەمهێنای گوتارێکی فاشیانەدا دەربارەی سەرکردە و ڕۆڵی سەدام وەک سەرکردە. لە ڕۆمانەکەی عەبدولکەریم مەعەلەدا، بەناوی ڕۆژە درێژەکانەوە، لەقەبەکەی سەدام، هەڵۆیە. جگە لەمە ووشەی سەرکردە لە پەیوەندیدا بە سەدامەوە بە چەندان مانای جیاواز بەکارهاتوون، بۆ نموونە؛ سەرکردەی پێویستیی، القائد الضرورە، سەرکردەی سەرکەوتن، قائد النصر، سەرکردەی ئاشتی، قائد السلام، سەرکردەی نەتەوە، دروستکەری مێژوو، صانع التاریخ. هەموو ئەمانەش وێنەی سەدامیان وەک پاڵەوانێکی دلێر و جوامێر و جەنگاوەر دەناساند، کە ئاشکرایە دەرەنجامەکانی لە دنیای ئێمەدا چ جۆرە ناشیرینییەکی بێوێنەی دروستکرد.

ئەوەی لێرەدا گرنگە جەغدی لێبکەین بارگاویکردنی ووشە سەرکردەیە، کە ووشەیەکی سیاسییەیە، بە کۆمەڵێک مانای دینی. ئەوەمان لەیادنەچێت دانانی ناوی خودا لەدوای ناوی سەدامەوە، لە قۆناغێکدا لەدایکدەبێت کە بەعس لە ئیسلامدا بەدوای ئایدیۆلۆژیا و ڕەمز و زماندا دەگەڕێت. لەهەمانکاتدا سەدام بەبەردەوامی وەک سەرکردە بە پاڵەوانە کۆنەکانی ئیسلام بەراورد دەکرێت لەوانە ئیمام عەلی، خالیدی کوڕی وەلید و سەلاحەدین، جەنگەکانیشی ناوی جەنگە دینییەکانی ڕابووردوی لێندەنرێت، وەک جەنگی قادسیەی سەدام، یان ناوی سورەتەکانی قورئان، وەک ئەنفال.

ئەو دوو ووشەیەی دیکە کە بۆ ناساندنی سەدام بەکاردێن بریتین لە ووشەکانی (عەرەب و موسڵمان). ئەگەر ئەرکی سەرەکی ووشەکانی (سەرکردە و خودا) لەو پەرەگرافەدا بەخشینی ڕەهەندێکی تاکەکەسی بن بە سەدام، ئەوا ئەرکی سەرەکی دوو ووشەی (عەرەب و موسڵمان) بەخشینی ڕەهەندێکی گشتی و دەستەجەمعییە بە سەدام. ووشەی عەرەب هێمایە بۆ «نەتەوەی عەرەب» و ووشەی ئیسلام بۆ «ئومەی ئیسلام». ئاشکرایە ئەم دوو ئینتیمایە بڕبڕە پشتی ئەو گوتارە ئایدیۆلۆژییەن کە سەدام لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا بەگەڕیدەخات. لە هەشتاکانەوە سەدام ڕووی لە دوو گشتی گەورەیە، یەکەمیان لە نەتەوە و ناسیۆنالیزمی عەرەبی و دووهەمیان ئیسلام و ئومەی ئیسلامی. جەنگی ئێران و عێراق بەناوی کێشەی مێژوویی نێوان نەتەوەی فارس و نەتەوەی عەرەبەوە دەفرۆشێت، لەهەمانکاتدا گەشە بەو گوتارە دینییە ئەدات کە گوایە سەدام ڕۆڵیەی ڕاستەقینەی ئیسلامە و نەژادی خۆی دەباتەوە سەر ئیمامی عەلی. ئەو گوتارە ناسیۆنالیزمە کە سەدام بەکاریدەهێنێت لە فۆرمی عروبەدا بەرجەستەیە و فۆرمێکی پەرگیر و ڕۆمانسی و سوفیی و جینۆسایدی وەردەگرێت، گوتارە ئیسلامییەکەشی لە فۆرمی ئیسلامێکی چەپێنەردا ئامادیە کە ئەرکی سەرەکی کوشتنی هەموو ئەو فۆرمە سادانەی ئازادییە کە ئینسان لەژیانی ڕۆژانەیدا پێویستی پێیەتی بۆئەوەی بتوانێت وەک ئیسنان بژی. ئەمە جگە لەوەی ئەم فۆرمە لە ئیسلام دێت بۆ بەهێزکردنی هەستی قەدەریانە و کوشتنی هەموو ئیرادەیەکی سەربەخۆ لە ئینساندا . سەدام لەیەکێک لە گفتوگۆکانیدا دەڵێت ئەمرێکی ئیلاهی وایلێکردم بڕیاری داگیرکردنی کوێت بدەم. جگە لە بەهێزکردنی ئەم ڕۆحە قەدەرییە، ئەم ئینتیما دینییە، بەو ناسیۆنالیزمە جینۆسایدییەی هێمامان پێکرد مێژوویەکی درێژ و زمان و ڕەمز و خەیاڵگەیەکی دینی دەبەخشێت. قەرزکردنی ناوی «ئەنفال» لە قاموسی دینی ئیسلامەوە بۆ پەلاماردانی کوردستان دیارترین نموونەی ئەم پەیوەندییە تایبەتەی تێکەڵکردنی عروبە و ئیسلام، جینۆساید و دین و سەرکردە و خودایە.

دواهەمین ووشەیەک لەو پەرەگرافەی سەرەوەدا بۆ ناساندنی سەدام بەکاردێت ووشەی «عەدالەت» ە. هەموومان دەزانین سەدام لە ژیانیدا بەدوای هەرشتێکدا گەڕابێت بەدوای عەدالەتدا نەگەڕاوە، قۆناغی سەدام حوسەین لە عێراقدا قۆناغی پیادەکردنی گەورەترین ناعەدالەتییەکانی مێژووی هاوچەرخی عێراقە. ئەم ڕاستییە کە هەموو عێراقییەک دەیزانێت جیاوازە لەو وەزیفە ئایدیۆلۆژییەی ئەم ووشەیە لەو پەرەگرافەدا دەیبینێت.
ئێمە ووتمان سەدام ئەلتەرناتیڤی دیموکراسیەتە، ئەم ئەلتەرناتیڤبوونە پێویستی بە ناوێک هەیە، دەبێت ناوەرۆکێکی ئایدیۆلۆژی هەبێت، ووشەی عەدالەت دێت بۆئەوەی لەبەردەم ناعەدالەتی گریمانکراو، یان عەدالەتی ناتەواوی دیموکراسیەتدا نیشتەجێببێت. بەڵام ئەمە هەموو ماناکانی عەدالەت لەو پەرەگرافەدا نییە. سەرنجێکی ورد لەکۆی ووشەکان نیشانیئەدات زووربەیان بارگاویین بە دەلالەتێکی ئاینی و ڕاست دەمانبەنەوە باوەشی خەیاڵگەی ئیسلامی، المخیال الاسلامی. هەم چەمکی خودا و هەم چەمکی سەرکردە و هەم عەرەب و هەم موسڵمانبوون و هەم عەدالەت بەشێکی گرنگی ئەو خەیاڵگە ئیسلامییەن کە ئەمڕۆ لە جیهانی عەرەبدا باڵادەستە. ئەمڕۆ کە هێزە ئیسلامییەکان ئاوڕ لەدوای خۆیان ئەدەنەوە، سەردەمە کۆنەکانمان وەک سەردەمانی عەدالەتی ڕاستەقینە بۆ وێنادەکەن. ووشەی عەدالەت لە خەیاڵگەی ئیسلامیدا ووشەیەکی سێنتراڵە. بۆیە بەکارهێنانی ووشەی عەدالەت لەم پەرەگرافەدا ڕۆڵی خاڵە ناوەندییە دەبینێت کە کۆی ووشەکانی دیکە بەیەکەوە گرێدەدات و ناوەرۆکە دینییەکانیان فراونتردەکات. واتە ووشەی عەدالەت لەسەرێکەوە ئەو ڕوویە کە سەدام دەکاتە ئەلتەرناتیڤی دیموکراسیەت، لەسەرێکی دیکەوە ئەو ڕایەڵەیە کە سەدام دەباتەوە ناو مێژووی ئیسلام. بەم ئەنجامدانی ئەم ئەرکە دوو جەمسەرییەش ئیدی بازنەی بەرهەمهێنانی دەلالەت لەو پەرەگرافەدا دادەخرێت کە ئەم گوتارە ئایدیۆلۆژییە خوازیاری دروستکردنیەتی. کەوابوو چێژوەرگرتن لە سەدام لە چێژوەرگرتن لە عەرەب بوون و ئیسلام بوونەوە هاتووە کە خەیاڵگەی عەرەبی و ئیسلامی کاراکتەرێکی عادیلانەیان پێدەبەخشێت، ئەمەش ئەو گەمە ئایدیۆلۆژییەیە کە ئەم دیکتاتۆرە و ئایدیۆلۆژیستەکانی لەگەڵ ووشەکان و ماناکاندا دەیانکرد.

قەبرە كۆییەكان قەبری ئەو بەشەیە لە «ئێمە» كە ناتوانێت یان نایەوێت لەناو منی سەدامدا بەرجەستەبێت، لێرەوە بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونەی قەبری دەستەیی دەبێت لەنێوان ئێمە و منی سەدامەكاندا ئەو پەیوەندییە دەمجییە تێكدەین كە سەربەخۆییمان دەكوژێت، دەبێت ئەو گوتارە نەخۆشە لەسەر تایبەتمەندێتی، ئەو دەنگە ناشازانەی دژ بە دیموكراسیەتن ڕەخنەكەین. دەبێت نەهێڵین گوتاری دینی ببێتە ژێرخانی گوتاری سیاسی و لەنێوان زمانی دین و زمانی سیاسەتدا جیاكارییەكی بەردەوامبكەین. هەمو ئەمانەش مەحاڵە بەبێ بەرگرییەكی بەردەوام لە فیكرەی جیاوازی و مافی جیاوازبوون، بەبێ گواتنەوەی فیكری جیاوازی، هەم بۆ ناو چۆنیەتی پێناسەكردنی «ئێمە» و «من» و «ئەویدی» و هەم بۆ ناو ئەو پەیوەندییەیانەی كە من و ئێمە و ئەویدی بەیەكدییەوە گرێدەدات. بەبێ تازەكردنەوەی ئەم ڕەهەندانە بەشێوەیەكی ڕادیكاڵ ناتوانین ڕێ لە دووبارە بنیادنانەوەی ئەو جیهانە بگرین كە سەدامی دروستكرد و سەدام دروستیكرد.

لە دنیاییەكی تەندروستدا دەشێت ئەو پەرەگرافەی سەرەوە بەم شێوەیە بنووسینیەوە: «ئەوان دیموكراسیەتیان دەوێت ئێمەش دەمانەوێت...لێگەڕێ با وەك ئەوان چێژ لە دیموكراسیەت ببینین. ئێمە سورین لەسەر ئەوەی كەسی وەك سەداممان نەبێت كە ڕۆڵی خودابېینێت و خۆی وەك نوێنەری عروبە و ئیسلام و عەدالەت نیشانبدات»

**تێبینی:**

**بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی نوسەر هیچ كەسێك یان دەزگایەك مافی لەچاپدانەوە و بڵاوكردنەوەی ئەم بابەتەی نییە.**